## وتووێژ لەگەڵ جان بارتدا



**زۆربەی نووسەران بە پڕۆڤەکردن لە فۆڕمی کورتەچیرۆک کاری نووسینیان دەست پێ دەکەن، دواتر لە درێژەدا کورتەچیرۆک وەلا دەنێن و دەست دەکەن بە رۆمانووسین**

و: سووسەن ئیسماعیل نەژاد

جان بارت وەک خۆی دەڵێت هەم راکەری ماراسۆنە و هەم راکردنی خێرا، هەم نووسەری رۆمانە و هەم چیرۆکی کورت. زیاتر لە هەموان جان بارت بە بۆنەی رۆمانە ٨٠٠ لاپەڕەییەکانی وەک Sot -Weed Factor و کۆمەڵە چیرۆکەکانی ناوی دەرکردووە. جان بارت بۆ نووسینی چیرۆکی کورتی جیاواز خەڵاتی پن مالامودی بردەوە. چیرۆکی درێژەی هەیە، یەکێک لە باشترین کۆمەڵە چیرۆکەکانی جان بارتدا کۆمەڵێک چیرۆکی پێکەوە گرێدراو هاتووە ناوەرۆکی یەکێک لەو چیرۆکانە ئەوەیە کە چۆن دەکرێ لە رێگەی چیرۆک بێژییەوە لە مەرگ دوور بکەویتەوە. بارت هەروەها لەلایەن دامەزراوەی "لانن"ەوە ١٠٠ هەزار دۆلاری وەک خەڵات بۆ تەمەنێک دەسکەوتی هونەری پێ بەخشرا. ئەو لە کۆنفرانسەکانی نووسەرانی زانکۆی جان هاپکینزدا مامۆستای پلە بەرزە.



زۆر سوپاس کە ئامادە بووی بۆ ئەم وتووێژە.

رێزت هەیە

* ئێوە زیاتر پێتان خۆشە رۆماننووس بن یان چیرۆکنووس؟

– زۆر باشە. ئێوە گوتتان کە من راکەری هەڵاتنی خێرا و ماراسۆنم. هەڵبەت هیچ قسەیەکەم لەم بارەوە نییە، بەڵام من بە پێی خوو و سروشتم راکەری ماراسۆنم. پێ خۆشبوون وشەیەکی نەگونجاو نییە، چونکە کاتێک هەموو شتێک بە باشی دەڕواتە پێش، چ هەڵاتنی ماراسۆن و چ هەڵاتنی خێرا چێژ بەخشن، بەڵام ئەگەر کارەکان بە باشی نەڕۆنە پێش هیچ چێژێک نابەخشن. بەڵام من بە پێی خوو و سروشتم مەودای دووردرێژم پێ خۆشە. بۆ من هەر ٤ ساڵ دەورەیەکی مامناوەندە، ئەم ٤ ساڵە بە لای منەوە بەسە بۆ خوڵقانی شوناسێکی نوێ و دەنگێکی نوێ، لەم چوار ساڵەدا لەگەڵ پانتایەک لە سپێتی رووبەڕوو دەبینەوە کە دەبێ ئەو پانتا سپییە بە هێمای بچووک کە هیوادارین ئەم هێما بچووکە ئەدەبی باش بێت، پڕ بکەینەوە.

* ئێوە چەن رۆمانی درێژتان نووسی و دواتر لە ساڵەکانی دەیەی ١٩٦٠ دا رووتان هێنایە کورتەچیرۆک. بۆچی؟ بە شوێن چییەوە بوون کە تەنیا لە رێگەی کورتەچیرۆکەوە پێی دەگەیشتن؟

– راستی ئەوەیە کورتەچیرۆک خۆی لە دەرگەی دام. ئێمە هەموومان لە ژیانماندا ئەزموون بە دەست دێنین. هەموو ئێمە، مەبەستم زۆربەی ئێمەیە، ئەو کاتەی دەبین بە نووسەرێکی پیشەیی، نووسین لە فۆرمی کورتەچیرۆکمان ئەزموون کردبێ. کورتەچیرۆک ئامرازێکی باشە بۆ فێرکردنی چیرۆک نووسین، ئەوەی کە ئێمە سەردەمی شاگردبوونمان لە کۆلێج یان دەورەی نووسەربوونمان لە زانکۆیەک تەواو کردبێت «هەندێ کەس دەچنە ئەم دەورەوە و هەندێ کەس نارۆن» زۆربەی نووسەران بە پرۆڤەکردن لە فۆرمی کورتەچیرۆک کاری نووسینیان دەست پێ دەکەن، دواتر لە درێژەدا کورتەچیرۆک وەلا دەنێن و دەست دەکەن بە رۆماننووسین، بە زۆری ئیتر ئاور لە فۆرمی کورتەچیرۆک نووسین نادەنەوە، هەڵبەت چەند نموونەیەکی دیاریش لەم بارەوە هەن. بۆ وێنە دەکرێ ئاماژە بدەین بە جان ئاپدایک و جۆیس کارۆل ئۆتس یان بێرنارد مالاموود، کە زۆر ئاسان لە هەردوو فۆرمی کورتەچیرۆک و رۆماندا دەنووسن. من خۆم دەتوانم لە گەڵ ٦٠٠ لاپەڕەدا هەڵبکەم، یان ٨٠٠ لاپەڕە، ٣٠٠ لاپەڕە باشترین فۆرمە بە لای منەوە. بەڵام وەک پێشتر ئاماژەم پێ دا هەندێ جار فۆرم نووسەر هەڵدەبژێرێ نەک نووسەر فۆرم. لە ماوەی ٥ دەیەدا کە



خـــەریکی نـووســـینی چیـــرۆک و ئەدەبی گێڕانەوەم، دوو جار ئیلهامی کورت نووسین منی داگرتووە، جاری یەکەم دەیەی ١٩٦٠ و جـاری دووەم ئەم دواییـــانە، بۆ مـــاوەی ٢ ســـاڵی تەواو، جگە لە کـــورتە چیـــرۆک نەمـــدەتوانی بیـــر لە هیچ بکەمـــەوە، بە مـــانایەکی تر نەمـــدەتوانی بیـــر لە رۆمـــان بکەمـــەوە. تەنیـــا بیـــرم لە کـــورتەچیـــرۆک دەکـردەوە. مـرۆڤ فـێر دەبێت بەرامـبەر بە سـەرچاوەی ئیلهـامەکـەی پشـوو درێژ بێت، منیش لەو سـەردەمـەدا کـە کـورتەچیـرۆکم دەنووسی ئەم کارەم کرد، چونکە من عاشقی کتێبم، ئەو کاتەی کە کورتەچیرۆکم دەنووسی لەوانەبوو خەرێک بێت کتێبێک بێتە نووسین، بەڵام وا دیاربوو من نەمدەتوانی زیاتر لە ٢-٣ کـورتەچیـرۆک بنووسم. کـورتەچیـرۆکـە جیـاوازەکان کە هیچ گرێ دراوێتییەکـیان پێکەوە نییە، دوای ئەوە بوو بڕیارم دا کورتە چیرۆکی پێکەوە گرێدراو بنووسم، وەک ئەو کـارەی شـەهرزاد لە هەزار و یەکشـەودا کردی، شتێک بنووسم لە کۆتاییدا گەورەتر لە کۆمەڵی بەشە پێک هێنەرەکانی بێت. کە وایە هەردوو کۆمەڵە کورتەچیرۆکی من واتە «Lost in The Funhouse لە دەیەی ١٩٦٠» و چیـــــرۆک درێژەی دەبێت «دەیەی ١٩٩٠» کۆمەڵێک کورتەچیرۆکن کە هیوادارم ببن بە کتێبێک و تەنیا چەن کورتەچیرۆکی جیاواز نەبن کە هیچ پێوەندییەکیان پێکەوە نەبێت.



* من بەر لەوەی بە شێوەیەکی بەربلاو بچمە سەر قسەکردن لە کۆمەڵە چیرۆکی «چیرۆک درێژەی هەیە» دەمەوێ بزانم بۆچی ئێمە کورتەچیرۆکمان زۆر پێ خۆشە؟

- ئەمە بابەتی ئەو زنجیرە چیرۆکانەیە کە من نووسیومە. یەکێک لە کەسایەتییەکانی ئەم چیرۆکانە دەڵێت: پێی خۆشە بزانێت مرۆڤەکان چیرۆکەکانی ژیانی خۆیان وەک چیرۆک دەبینن یان نە، چونکە مرۆڤ لە کاتی لەدایکبوونییەوە تا ئەو کاتەی دەمرێ لە بەردەم زۆر گێڕانەوە و چیرۆکی جیاوازدایە، یان ئەوەی بە پێچەوانەوە ، ئەو پێناسەیەی کە ئێمە هەمانە بۆ چییەتی چیرۆک لە سەردەم و کولتوورێکی تایبەتدا رەنگدانەوەی مانای تەواو دراماتیکی ژیانە، دەرخەری گەشەی بیۆلۆجیکی مێشک و دەروونی کەسەکان. بە پێی ئەو قسانەی کە باسم کرد نووسینی کورتەچیرۆک ئیتر زۆر وروژێنەر نییە، وا نییە؟ بەڵام من لە راستیدا لام وایە ئێمە نەک تەنیا خۆمان بە تەواو وشیارانە یان نیوە وشیارانە بە کەسایەتی سەرەکی چیرۆکەکانی خۆمان دەزانین، بەڵکو بە کەسایەتی دووەم و چەندەمی چیرۆکی دیتران دەزانین. لام وا نییە نووسەرەکان وەها بیر بکەنەوە، مەبەستی من بیرکردنەوەی وشیارانە نییە. من بۆچوونی ئەو دەروونناسانەم بە دڵە کە دەڵێن دەروونی وشیاری مرۆڤ لە رێگەی دروستکردنی چیرۆکەکانەوە گەشەی کردووە، ئەمە دەبێ بە هۆی هەر بوونەوەرێکی عاقڵ بیر لەوە بکاتەوە ئەگەر ئەم کارە بەم شێوە بێت ئەنجامەکەی وەها دەبێت، بۆ وێنە ئەگەر بەم شێوە بێت من هەڵدێم، ئەگەر بەو شێوە بێت ئەو شتە دەخۆم، ئەگەر وەها بێت بە گەرمی لەگەڵ فلانە کەسدا قسە دەکەم. لە قۆناغی ئەگەر وەها بێت، ئەوکات

**ئەگەر کۆتاییەک بوونی نەبێت چیرۆک بێ فۆرم دەبێت**

**لەو کاتەوەی کە زمان داهێنراوە بە دڵنیاییەوە بۆ یەکتر چیرۆک دەگێڕینەوە**

وەها دەبێت تا قۆناغی وەک ئەوەی و وەها دەبێت، ئەگەر رەوتی چیرۆک نووسین و چیرۆک بێژی بەم دوو شێوەیەی سەرەوە دەست پێ بکات، مەودایەکی دوور لە بەردەستدا نییە. من لام وایە ئێمە مرۆڤەکان هەر لە سەرەتاوە- واتە لەو کاتەوەی کە زمان داهێنراوە بە دڵنیاییەوە بۆ یەکتر چیرۆک دەگێڕینەوە.

* ئەمە ئەو دەخاتە روو زەمان چەند گرینگە لە چیرۆکەکانتاندا چەندە گرینگە و چەندە عاشقی فیزیای. کۆمەڵە چیرۆکی دووەمی ئێوە زۆر دەربارەی فیزیایە. ئێوە زۆر یاسا و ریسای فیزیاییتان هەیە کە لە چیرۆکەکانتاندا کەڵکی لێ وەردەگرن. بۆچی؟

- فیزیا - فیزیای مۆدێرن- بۆ وێنەی فیزیای ئەستێرەناسی و فیزیای کوانتۆم- وەک زۆربەی شتەکانی تر- زۆر خوازەی گونجا و باش دەخەنە بەردەست نووسەر. وەک دەزانن فیزیا لە باری خوازەوە زۆر دەوڵەمەندە، بەشێک لەم خوازانە دەکرێ لە کتێبدا بە کار ببرێن. چیرۆکەکان دەربارەی کاتن. چیرۆکەکان لە کاتدا دەژین ، وەک شەهرزادی گەورە فێرمان دەکات، چیرۆکەکان جگە لەوەی رێگەیەک نین بۆ بە سەربردنی کات بەڵکو رێگەیەکن بۆ ئەوەی کات رابگرن. واتە هەر چیرۆکێک رێگەیەکە بۆ گەیشتن بە کۆتایی، لە حاڵێکدا لە گەیشتنە کۆتایی لە رێگەی چیرۆکەوە دەخەینە دواوە. ئەگەر کۆتاییەک بوونی نەبێت چیرۆک بێ فۆرم دەبێت، بەڵام هەر کەسەو دەیەوێ لە ماوەیەکدا کە پێی خۆشە و لە کاتێکدا کە دیاری کردووە بە گێڕانەوەیەکی گونجاو بە خاڵی کۆتایی بگات.

* ئەو چیرۆکانەی لە کۆمەڵە چیرۆکی "چیرۆک درێژەی دەبێ"دا هێناوتن هەموویان دەربارەی خستنە دواوەی مەرگ و خاڵی کۆتایین. وا دیارە هەموو چیرۆکەکان دەربارەی دوایین شتەکانن، تەنانەت لە یەکێک لە چیرۆکەکاندا مامۆستایەکی زانکۆ چەن وتارێک دەدا و دەست بە جێ رادەگەیەنێت ئەمە دوایین وتاردانیەتی. ئەم چیرۆکە لە باری کاتەوە دەتوانین بڵێین لە کۆتاییی سەدەی بیستەمدا نووسراوە. ئاخۆ ئەم شتانەتان لە بەرچاو بووە؟

- دەبینی ئێستا من گەیشتوومەتە تەمەنێک کە دەبێ خانەنشین بم، شتێکی ناسروشتییە نووسەرێک لە تەمەنی مندا تۆزێ بە بیری کۆتاییی رێگەوە نەبێت. بەڵام ئەمە

بەو مانایە نییە کە هیوادار بم کتێبەکەم کتێبێکی قورس و نەخۆش بێت. هیوادارم بە هیچ شێوەیەک وەها نەبێت.

* نە، ڕاست بە پێچەوانەوە کتێبێکی سەرنجڕاکێش و چێژبەخشە.

– من زۆرتر گرینگی بە پێکەنین دەدەم نەک بە ناوچاو ترشکردن و مڕومۆچبوون، هەر چەن هەڵبەت هەردووکی ئەم دوو حاڵەتە بە لامەوە جێگەی ڕێزە. وەک چۆن هەم فۆڕمی کورتەچیرۆک و هەم فۆڕمی ڕۆمان بە لامەوە جێگای ڕێزە. بەڵام بە گشتی ئێوە راست دەکەن. مرۆڤەکانی ناو چیرۆکەکان وەک شەهرزاد لەگەڵ جۆری کۆتایی نادیاردا ڕووبەڕوو دەبنەوە.

* وا دیارە پێت خۆشە بەر لە کۆتایی هاتن بەم وتووێژە چیرۆکێکی ترمان بۆ بگێڕیتەوە؟

– کە یەکەم جار لە ساڵەکانی ١٩٦٠ دا هۆگریم بە فۆڕمی کورتەچیرۆک گرت، بڕیارم دا بە نووسین کورتترین چیرۆکەکانی زمانی ئینگلیزی دەست پێ بکەم، چیرۆکێک کە لە هەمان کاتدا ئەوەندە بەربڵاو بێت کە تا ناکۆتا درێژەی هەبێت. من ئەو سەردەم لە ژێر کاریگەریی چیرۆکنووسی ئارژانتینی "خورخە لوئیس بۆرخس"دا بووم. چیرۆک بەم شێوە دەستی پێ دەکرد. هەبوو نەبوو. چیرۆکێک بوو کە بەم شێوە دەستی پێ دەکرد. هەبوو نەبوو. ناوی ئەم چیرۆکە Frame Tale ـە. هەڵبەت ئەم چیرۆکە کەسایەتی نییە، گەلاڵەی نییە، بەڵام خاڵی گرینگ لە کورتبوونیدایە، چیرۆکی کورت یانی ئەمە. ئەم چیرۆکە هەروەها دەرخەری حەزی دەروونی مرۆڤەکانە بۆ چیرۆکبێژی لە نەستیاندا. من لام وایە شەهرزاد ئەگەر تەنیا ئەم ئامارزە بچووکەی هەبایە کێشەکەی چارەسەر دەکرا و پاشاش خەوی لێ دەکەوت و دەیتوانی نووسینی ڕۆمانەکەی دەست پێ بکات.

ئاغای بارت بۆ ئەم وتووێژە

تکا دەکەم. ئێوەش ماندوو نەبن.

سازدانی: فەرشید عەتایی